


### گۆرانیبێژی ئێرانی شوهره سوڵەتی بۆ گۆڤاری گوڵان:

# هونەرمەندانی کورد و ئێرانی دەتوانن سوود لەیەکتر وەربگرن

✿ شوهره سوڵەتی یەکێکە لە هونەرمەندە ئێرانییەکان کە توانیویەتی ستایلی مۆسیقای پۆپ بە شێوەیەکی زۆر جوان تێکەڵ بە مۆسیقای ئێرانی بکات و، لەگەڵ شەهرامی برای هەمیشە وەك دوانەیەکی سەرکەوتوو و گونجاو ناسراون، شوهره سوڵەتی بەم شێوەیە وەڵامی چەند پرسیارێکی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.✿

دیمانە/ خەلیل بلەیی
Xalil2001@yahoo.com

**من لە گۆرانییەکانمدا سوودێکی زۆرم لە ریتمی کوردی وەرگرتووە و بەکارمهێناوە**

*** جگە لە تۆ و شەهرامی برات کەسی دیکە لە خانەوادەکەتان گۆرانیبێژ بووە؟**

- بەڵێ خوشـــکە گەورەکەم (زەهــــرە) ئەویش جگە لە من و شەهرام گۆرانیبێژ بووە، بەڵام لە بواری ئۆپێرا.

*** یەکەم جار تۆ دەســـتت بـــە گۆرانی گوتـــن کرد یاخود شەهرامی برات؟**

- بەر لە وەی من گۆرانی بڵێم، شـــەهرام دەستی بە گۆرانی گوتن کرد، مـــن لە بواری ئۆپێرا گۆرانیـــم دەگوت، ئەو کات شـــەهرام گۆرانیبێژ بوو ئینجا هەردووکمان روومان لە گۆرانی پۆپ کرد.

*** شـــەهرام چۆن هاوکاری کـــردی و چ رۆڵێکی هەبووە لە سەرکەوتنی تۆدا؟**

- شـــەهرام گیان هەمیشە بۆ من وەك برایەکی زۆر باش بووە و ئێســـتاش هەر بە هەمان شـــێوەیە و، ئێمە هەمیشە هاوکاری یەکتریمـــان کردووە و یارمەتی یەکتریش دەدەین لە کارەکانماندا و تەنانەت وەك دوو هاورێین بۆ یەکتری.

*** تا ئێستا چەند کاری هونەریتان بە یەکەوە ئەنجامداوە؟**

- ئێمە چەندین کارمان بە یەکەوە ئەنجامداوە وەك گۆرانییەکان ( گل بە گل –پەنجەریها- حامی – عاشق بشیم).

*** تـــۆ خاوەن دەنگێکی خۆش و روخســـارێکی جوانی، بەڵام هۆی چییە دەرکەوتنت کەمە ؟**

-من هـــەوڵ دەدەم ئەو کاتـــە لەبەردەم کامیرا راوەســـتم کە بەرهەمێکـــی نوێ یـــان گۆرانییەکی نوێم هەبێـــت بۆ ئەوەی پێشکەشـــی بکەم، هەرچەندە من زۆر لەبەردەم کامیرا دەرناکەوم، بەڵام هەمیشە خۆش حاڵم کە لەگەڵ خەڵکدا بم.

*** چەند منداڵت هەیە؟**

- کچێکم هەیە ناوی (تەنناز)ە کە هەموو ژیانی منە.

*** ئایا تۆ تەنیا گۆرانیبێژی یان کاری ئەکتەریشت کردووە؟**

- نەخێـــر من کاری ئەکتەریش کردووە، بـــەڵام تەنیا لە یەك فیلمدا بەشداریم کردووە بە ناوی (فریادی زیر ئاب- هاواری ژێر ئاو) کە لەگەڵ هونەرمەندی گەورەی ئێرانی داریوش بووە.

*** زۆر لە هونەرمەندانی ئێرانی بە زمانی کوردی گۆرانییان گوتـــووە، ئایا تۆش بیر لـــەوە ناکەیتەوەی بـــە زمانی کوردی گۆرانی بڵێی؟**

- مـــن ئەو کاتەی لە ئێران بووم تەنیا یەك گۆرانیم بە زمانی ئیســـپانی گوتووە، بـــەڵام گۆرانییەکانی دیکـــەم هەموویان بە زمانی فارسی بوون.

*** چ مەرجێکت هەیە بۆ گۆرانی گوتن بە زمانی کوردی؟**

- ئەگەر ســـەرنجتان دابێت، من لە گۆرانییەکانمدا سوودێکی زۆرم لـــە ریتمی کوردی وەرگرتووە و بەکارمهێناوە، چونکە زۆر حەز لەو ریتمە دەکەم، بەڵام نەمویســـتووە کە زمانی کوردی بە هەڵە یان بە زاراوەی نادروست و نەشیاو بڵێم، من هەمیشە دوو دڵ بووم لەوەی کە لە کارە هونەرییەکانی خۆمدا هەموو زاراوەکانی دیکە جگە لە فارسی بە تەواوی پێشکەش بکەم، بەڵام هیوادارم بتوانم لە ئایندەدا بە زمانی کوردی گۆرانی بڵێم.

*** بەڕای تۆ هیچ لێك نزیك بوونێك لە نێوان هونەر و کلتوری فارسی و کوردیدا هەیە؟**

- لەبەر ئەوەی زمانی کوردی و زمانی فارسی لە یەك خێزان دەژمێردرێن و لێك نزیکن و فەرهەنگیان یەکە، بۆیە تا رادەیەکی زۆر دەتوانن کاریگەرییان لەســـەر یەکتـــر هەبێت و هونەرەکەیان بەرەو پێش ببەن.

*** هونەرمەندانی کورد و فارس چۆن دەتوانن سوود لە یەکتری وەربگرن ؟**

- هەر وەك لە پرســـیاری پێشـــوودا ئاماژەم پێکـــرد دەتوانن هاوکاری زیاتری یەکتر بکەن.

*** چ زانیارییەکـــت دەربـــارەی گەلـــی کـــورد و هونەر و هونەرمەندانی کورد هەیە؟**

- ئەوەی راستی بێت ســـەبارەت بە هونەری کوردی زانیاری تەواو و پرۆفیشـــناڵم نییە و زانیارییەکانم تەواو نین، بەڵام لەبەر ئەوەی هونەری کوردی بەشـــێکە لە هونەری وڵاتەکەم بۆیە تا رادەیەك زانیاریم هەیە و دەزانم چییە و هونەرێکە کە من زۆر پێم جوانە، چونکە خۆشـــییەکەی تا لوتکەیە بە هەمان شێوە ئەگەر غەمگینیش بێت تا لوتکەیە کە هونەری کوردی پێی ناســـراوە و من زۆر سەربەرزم بەمە.


*** وەك هونەرمەندێك چ گرفتی ســـەرەکیتان هەیە کە کاری لە هونەری ئێوە بکات؟**

- لە هونەردا هونەرمەندان دووچاری گرفتی جیاجیا دەبنەوە، بەڵام سوپاس بۆ خوا من تا ئێستا بەسەر زۆربەی کۆسپەکانمدا زاڵ بووم، تەنیا شـــتێك کە دڵگرانی کردووم ئەوەیە کە ئێمەی هونەرمەندانـــی ئێرانی لە وڵاتی خۆمان نیـــن تا بتوانین کارە هونەرییەکانی خۆمان بە شـــێوەیەکی باشتر و ئاسانتر پێشکەش بکەین.

*** لە ئێران هێشتا مۆسیقای رەسەن باوی ماوە، بەڵام تێکەڵ کردنی مۆســـیقا و ســـتایلی رۆژئاوا لە گۆرانی و مۆسیقای کوردیدا چۆن دەبینی؟**

-ستایلی مۆســـیقای کۆن(مۆسیقای ســـوننەتی) دونیا و جەماوەری خۆی هەیە و مۆسیقای رۆژئاوایی و پۆپیش دونیا و جەمـــاوەری خۆی هەیە، بەڵام خۆشـــبەختانە هونەرمەندانی ئێرانی توانیویانە ئەم دوو ســـتایلە بە شێوەیەکی باش و زانستی تێکـــەڵ بکەن و تا رادەیەکی زۆر هونەرێکی نوێ پێشـــکەش

**لەبەر ئەوەی هونەری کوردی بەشێکە لە هونەری وڵاتەکەم بۆیە تا رادەیەک زانیاریم هەیە**






بکەن.

*** ئەگەر بانگهێشت بکرێی بۆ ئەوەی لە کوردستان گۆرانی بڵێی، ئامادەی سەردانی کوردستان بکەی؟**

-بەڵێ سەد دەر سەدە ئامادەم سەردانی کوردستان بکەم و لەناو جەماوەر پڕ سۆزی کوردانی عێراق گۆرانی بڵێم و چەند ساتێکی خۆشیان لەگەڵدا بەسەر بەرم.

*** دوایین کاری هونەریتان چی بوو؟**

- ئەلبوومی (هەڤەس) دواییـن کاری هونەری من بوو، و وا رێکەوت کە گۆرانییەکی تێدا بێت بەناوی (دڵخۆشی) کە ریتمەکەی کوردییە.

*** چی نوێت لەبەر دەستدایە؟**

- ئێستا کار لە ئەلبوومە نوێیەکەم دەکەم، دوای تەواو بوونی گەشتی مانگی نەورۆز کە دەگەڕێمەوە ئەمریکا کاری لەسەر دەکەم و بەو هیوایەم لە هاوینی ئەم ساڵدا تەواوی بکەم و بڵاوی بکەمەوە لە بازاڕەکاندا، ئەم ئەلبوومە گۆرانی نوێ و زۆر خۆشی تێدایە کە بۆ هەموو تەمەنەکان دەبێت.

## ژیاننامەی شوهرە

لە ١٩٥٩/١/١٤ لە خێزانێکی هونەری شاری تاران لە دایك بووە، لە تەمەنی ٧ ساڵییەوە ئارەزووی ئەوەی هەبووە گۆرانی بڵێت و پەیمانگای مۆسیقای هەڵبژارد بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئەکادیمی شارەزای مۆسیقا ببێت، لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا وەك پیشە دەستی بە گۆرانی گوتن کرد و یەکەم گۆرانیی بەناوی (کچی رۆژهەڵاتی- دختر مشرقی) بوو و هەر لەگەڵ گوتنی ئەو گۆرانییە سەرنجی هەمووانی بۆ لای خۆی راکێشا و زۆری نەبرد ناوبانگی شوهرە سوڵەتی هەموو ئێرانی گرتەوە و بوو بە باسی رۆژنامە و گۆڤارەکان. کۆمپانیا هونەرییەکان رکابەرییان بوو بۆ ئەوەی بتوانن بۆندی لەگەڵدا مۆر بکەن و چەندین خەڵاتی بەدەستهێنا، شوهرە لاسایی کەسی نەدەکردەوە، چونکە بڕوای تەواوی بە توانا هونەرییەکانی خۆی هەبوو، بۆ یەکەم جار بەشداری لە فیلمێکی سینەماییدا کرد بە ناوی (فریاد زیر ئاب) لەگەڵ هونەرمەندی گەورەی ئێرانی داریۆش، بەڵام دواتر لەبەر بارودخی ئێران ناچاربوو روو لە ئەمریکا بکات و لە نیویۆڕك نیشتەجێ بوو، لە ساڵی ١٩٨٤ لە دەرەوەی ئەمریکا یەکەم گۆرانی ئەلبوومی (طلسم)ی تۆمار کرد و تا ئێستا نزیکەی ٢٠ ئەلبوومی گۆرانی لە ئەرشیفی شوهرەدا هەن، هەروەها کۆنسێرتی گۆرانی لە چەندین وڵاتدا ساز کردووە کە خۆشترینیان لای شوهرە ئەو کۆنسێرتە بوو کە لە رۆژی ١٩٩٥/١٠/٢١ بوو لە لۆس ئەنجلۆس کە هاوکات لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەلبوومی (زن) کە بە یەکێك لە سەرکەوتووترین ئەلبوومەکانی شوهرە دادەنرێت و زۆر کەس ئەو کات نازناوی (شاژنی مۆسیقای پۆپی ئێران) و (ئافرەتی ئازادیخوازی ئێران) یان پێ بەخشی، ئێستا شوهرە لە لۆس ئەنجلۆس دەژییت و دایکی تاقە کچێکە بەناوی (تەنناز).





# هونەرمەند ئاراس: ئامانجی م



✿ بەم دواییە هونەرمەندی لاو ئاراس فاتیح چەند کارێکی هونەری ئەنجامدا لەوانە سێ ڤیدیۆ کلیپی نوێ کە بە شێوازێکی نوێ و مۆدێرن تۆمار کراون و لە تەلەفزیۆنەکاندا بڵاو دەکرێنەوە و وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان پاڵپشتییان کرد لە تۆمار کردنی ئەم کلیپیانە کە تا رادەیەکی زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ کارەکانی پێشووتری بۆیە بە پێویستمان زانی گفتوگۆیەکی لەگەڵدا ساز بکەین سەبارەت بەم کارانە و کارەکانی داهاتووە. ✿

*** بۆچی لە دوای بڵاوکردنەوەی یەکەم سیدی خۆت بەر لە چەند ساڵێك، تەنیا گۆرانی سینگڵت هەیە و سیدی بڵاو ناکەیتەوە؟**

- بەڕاشکاوانە دەڵێم زۆر بەداخەوە هونەرمەندانی کور لە بڵاوکردنەوەی سیدی تەنیا زەرەر دەکەن و هیچ سوودێکی بۆیان نییە، بۆیە من پێموایە ئەو بیرۆکانەی کە من هەمە بە زووتر و باشتر بگاتە خەڵك، باشتر وایە گۆرانی و کلیپێکی جوان بکەی کە سەرکەوتوو بێت نەك دە تا دوازدە گۆرانی بڵێی تا سیدییەك بڵاو بکەیتەوە، لە لای من رێژەی گۆرانی گرنگ نییە بەڵکو زیاتر کوالیتی گرنگە.

*** تاکەی لەسەر ئەم شێوەیە بەردەوام دەبی؟**

- بڕیارمداوە لەسەر ئەم شێوازە بەردەوام بم تا ئەو کاتەی لە کوردستان مافی چاپ بۆ هونەرمەندان بە تەواوی دەپارێزرێ و ئەو سیدیانە بفرۆشرێن و کۆپی نەکرێن و هونەرمەندانی ئێمەش سوود دەکەن.

*** دوایین کارت بە زاراوەی سورمانجییە ئەگەر بۆمانی باس بکەیت؟**

- دوایین گۆرانیم (ناڤێ تە چییە) گۆرانییەکی سورمانجییە کە بە خۆڕایی لەسەر ماڵپەڕەکەم بڵاوم کردۆتەوە، ئەم گۆرانییەم بەشێوەیەکی زۆر جوان و سەرکەوتوو تێکەڵ کردووە، تەنانەت لە هەندێك شوێن لە بڕگەیەکدا چەند رستەیەك و وشەم تێکەڵ کردووە، ئەم گۆرانییەم تایبەت دروستکردووە بۆ کوردەکانی باکوور، چونکە لەوێ بەکارهێنانی وشەی کوردی تا رادەیەکی زۆر قەدەغەیە، و کۆتایی تێکستەکە بەم شێوەیەیە: ناڤێ تە ژ من بوویە خەم ل هەر کەسێ دپرسم کەس نابێژی دترسن، هن دبێژن قەدەغەیە هن دبێژن تونەیە ناڤێ تە چ بیت کەڤوکێ ژ ناڤێ تە حەز دکەم، ئەم گۆرانییە بە هاوکاریی هونەرمەند خۆشناو تۆمارم کردووە کە تێکستە کرمانجەکەی بۆم نووسیوە و بەشدارە لە رستەیەکدا، ئاوازەکەی هی خۆمە و هۆنراوەکەیش هی من و خۆشناو نەبەز بەرزنجییە.

*** ئەو کلیپانەی بەم دواییە بڵاوت کردەوە چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ کلیپەکانی پێشووت و چ تایبەتمەندییەکی هەیە لەنێو کلیپە کوردییەکان؟**

- ئەمە یەکەم جارە من کلیپم بۆ خۆم دروست بکەم بە کامیرای سینەمایی دوای گۆرانی بە تاك و کۆ، چونکە پێشتر ئەو توانایە ماددییەم نەبوو ئەو جۆرە کلیپە دروست بکەم، چونکە پێویستی بە توانایەکی ماددی و ماندوو بوونێکی زۆر هەیە، بۆیە بڕیارمدایە لەمەودوا هەر بەمشێوەیە کلیپ بۆخۆم دروست بکەم بە کامیرای سینەمایی ١٦ ملم سوپەر سیکستین، ئەم کلیپە تایبەتە بە منداڵ و رێنماییان دەکەم کە ئاژەڵیان خۆش بوێت و دڵپاك بن و وشەی ساویلکە و خۆش باوەڕ لەنێو کۆمەڵگادا نیگەتیڤ نەبێ پۆزەتیڤ بێ و یەکەم جاریشە هونەرمەندێکی کورد کلیپێك لە دوورگەی سانتۆرینی یۆنانی ئەو کارە بکات، چونکە وەك گوتم ماندووبوون و خەرجییەکی زۆری تێدەچێت، ڤیدیۆ کلیپی دووەمیش کە لە دەرهێنانی خۆمە گۆرانی (رێم دە رێم دە)یە ئەمەیان زیاتر بۆ

# ـــن خۆش کردنی دڵی جەماوەرە

ئەو کەسانە دروستم کرد کە دەیانەوێ بە زمانی سیمبول قسە لەگەڵ یەکتر بکەن، ئەم کلیپەم بە ستایلی دۆگما دروست کردووە کە تێیدا کامیرا ناوەستێ و هەر لە حاڵەتی جووڵەدایەو مۆنتاژ زۆر بە خێرایی دەکرێت و رەش و سپی و رەنگاورەنگی تێدا تێکەڵ دەکرێت، کلیپی سێیەمی گۆرانی (بە یادی جاران)ی مامۆستای هونەرمەند هۆمەری دزەییە، بەر لەوەی لە سیدی یەکەممدا بڵاوی بکەمەوە رەزامەندیم لە مامۆستا هۆمەر دزەیی کرد ئەویش گوتی: چی لێدەکەی وای لێ بکە، منیش دوو ڤێرژنم لێیکرد یەکەمیان سلۆ و ئەویتریان ترانس، مەبەستی من لەم کلیپەدا ئەوەیە بە گەنجەکان بڵێم بژین چۆن دەتانەوێ، چونکە ژیان بە خۆشی و ناخۆشییەکانییەوە هەر خۆشە.

*** ترسی ئەوەت نەبوو لە گوتنەوەی گۆرانی هۆمەری دزەیی سەرکەوتوو نەبی؟**

- لە هونەردا کەس نازانی چ کارێك سەد دەر سەد سەردەکەوی و چ کارێك سەرناکەوێ، هونەرمەند دەتوانێت رێژەیەکی دیاریکراو بۆ سەرکەوتنی خۆی دابنێت.

*** بۆ تۆ کارێکی قورس نەبوو؟**

- من گۆرانییەکەم وەکو خۆی کۆپی نەکردۆتەوە، چونکە ئەگەر وام کردبا سەرکەوتوو نەدەبووم، من بە ستایلی خۆم گوتوومە و تەنیا میلۆدی و تێکستەکەی نەبێت ئەوی دیکەم هەمووی گۆڕیوە، میلودییەکەی بە شێوەیەکی نوێیە و لە ستۆدیۆیە باشەکان تۆمار کراوە و ریتمی گۆرانییەکەش تایبەتە و، مامۆستا هۆمەر لە تەلەفزیۆن گوێی لە سلۆ و ڤێرژنەکەی بوو و زۆر بە دڵی بوو .

*** لەم کارە نوێیەدا مەبەستم سێ ڤیدیۆ کلیپەکەیە کێ هاوکاری کردی لە رووی ماددییەوە؟**

- یەکەم جار ئەم سێ ڤیدیۆ کلیپەم لەسەر ئەرکی خۆم و چەند هاوڕێیەك و براکانم تۆمار کرد، بەڵام کە گەڕامەوە کوردستان و بە وەزارەتی رۆشنبیریم راگەیاند، ئەوان پشتگیرییان کردم و خەرجییەکەیان دامەوە بە مەرجێك سەرەتا بۆ ماوەی ٢١ رۆژ لە سەتەلایتی نەورۆز کە تەلەفزیۆنی حکومەتە پەخش بکرێ ئینجا دواتر لە تەلەفزیۆنەکانی دیکەش پەخش بکرێت، لێرەدا زۆر سوپاسیان دەکەم بۆ ئەو هاوکاری و پشتگیری کردنە و رێگا پێدانیان بە بڵاوکردنەوەی لە هەموو کەناڵەکانی دیکە بۆ ئەوەی بگاتە هەموو کەسێك .

*** دوای ئەمانە کاری نوێت چییە کە شایەنی باس کردن بێت؟**

- من لەماڵەوە دەفتەرێکی شەش سەد لاپەڕەییم هەیە کە پڕە لە بیرۆکەی هونەری جیاجیا و تاکە گرفتی من لە جێبەجێکردنی ئەو بیرۆکە و پڕۆژانە چۆنیەتی پەیدا کردنی پارەیە بۆ ئەوەی دەست بەکار بکەم، چونکە ئەو کارە هونەرییانەی من دەیکەم پارەیەکی زۆری دەوێ، پارەکەش مەبەستم ئەوە نییە پاداشت بێت بۆ من بەڵکو بۆ ئەوەی بە نوێترین شێوە پێشکەشیان بکەم، بۆ نموونە گۆرانی بە تاك و بە کۆ کە میکسم کرۆدتەوە لە باشترین ستۆدیۆ دونیا کردوومە ئەویش ستۆدیۆی دیسیبێڵە کە بەناوبانگترین گۆرانیبێژەکانی جیهان لەوێ گۆرانییەکانی خۆیان کردووە وەك بریتنی سپیرز و باکس رید بۆیز و چەندین گۆرانیبێژی دیکە، ماسترینگیش بە هەمان شێوە لە ستۆدیۆیەکی لەم چەشنە بووە ئەمانەش بە راستی پارەیەکی زۆری دەوێ و پێویستە گیرفانت گەرم بێت.

*** هەر کارێکی هونەری چی پێویستە بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت؟**

- بەڕای من سەرکەوتنی کاری هونەری زۆر شتی پێویستە کە ئەمانەن:یەکەمیان بیرۆکەی هونەری، دووەمیان بەو ئەزموونەی کە هەتە بتوانی چۆن بیرۆکەکەی جێبەجێ بکەیت، سێیەمیان توانای ماددی، چوارەم کاتێکی زۆری بۆ تەرخان بکەی، پێنجەم ئارام گرتن، بەڕای من هەر کارێکی هونەری ئەکێك لەمانەی تێدا نەبێت کارەکە سەرکەوتوو نابێت.

*** بۆچی بەشی هەرە زۆر یاخود هەموو جەماوەری تۆ منداڵن؟**

- منداڵ لاپەڕەیەکی خاوێنە چی لەسەر بنووسی دەتوانی بینووسی، بەڵام ناتوانی درۆیان لەگەڵدا بکەی و ئەوان هەست بەوە دەکەن چ کارێك لە دڵەوە و چ کارێکیش وا نییە، منیش وەك هەندێك لە هونەرمەندان دەتوانم بێم لەسەر تەلەفزیۆن قسەی گەورە بکەم و خۆم دەمامك بدەم و لە واقعیشدا وانین، بۆیە هەست دەکەم کۆمەڵگای ئێمە هەمووی دەمامك دراوە .

*** ئەم منداڵانە عاشقی ئاراسن یان عاشقی هونەری ئاراسن؟**

- تۆ ناتوانی بڵێی عاشقی کامیانن ئەمە بۆ ستایل دەگەڕێتەوە بۆ نموونە ئەگەر قژم درێژ نەبوایە منداڵان بە شێوەیەکی دیکە سەیریان دەکردم و ئەوەندە منیان خۆش نەویستبا، بۆیە دەڵێم لەوانەیە قژیش رۆڵی هەبێت لە سەرکەوتندا بە هەمان شێوە جولانەوەی سەر شانۆ و سەما کردن، بۆیە ناتوانی بڵێی سەرکەوتن لە خاڵێکی دیاریکراودایە و پێویستە خاڵەکانی سەرکەوتنی هونەرمەند پەیوەندییان بەیەکەوە هەبێت .

*** ئەی بۆچی هەندێك لە گۆرانییەکانت پەیوەندییان بە منداڵانەوە نییە کەچی گوێشی لێدەگرن؟**

- کۆمپانیا بازرگانییە گەورەکان شتێك بەرهەم دەهێنن بۆ منداڵان، بەڵام بە شێوەیەکی وایە کە تاهەتایە منداڵەکان حەز لە بەرهەمەکانیان بکەن وەك ئەوەی بڵێی دەیانکوتن، منیش ئەم تاکتیکەم بەکارهێنا بۆ ئەوەی بە تێپەڕبوونی تەمەنیش هونەری منیان خۆش بوێت.

*** تۆ بۆ کێ گۆرانی دەڵێی؟**

- من بۆ هەموو کەس گۆرانی دەڵێم، بەڵام ئەوە دەمینێتەوە سەر ئەوەی کێ حەز لە هونەری من دەکات و کێ حەزی لێ ناکات.

*** زۆر جار تۆ دەڵێی من دەرهێنەرم و گۆرانیبێژ نیم، باشە یەك بوارت هەڵنەبژارد؟**

- من دەرچووی بەشی دەرهێنانی زانکۆی مۆسکۆم بە هەموو لایەنەکانییەوە تەنانەت شێوەکاریش دەگرێتەوە، بۆ ئەوەی هەموویان بەیەکەوە ببەسترێنەوە و فیلمێکی لێ دروست بکرێ، من حەز دەکەم دڵی جەماوەر خۆش بکەم جا بە گۆرانی بێت یان بە سەما یان بەکاری دەرهێنان.

**زۆر بەداخەوە هونەرمەندانی کورد لە بڵاوکردنەوەی سیدی تەنیا زەرەر دەکەن هەست دەکەم کۆمەڵگای ئێمە هەمووی دەمامك دراوە**



**لە هونەردا کەس نازانی چ کارێك سەد دەر سەد سەردەکەوی و چ کارێك سەرناکەوێ**



**دەفتەرێکی شەش سەد لاپەڕەییم هەیە کە پڕە لە بیرۆکەی هونەری جیاجیا و تاکە گرفتی من لە جێبەجێکردنی ئەو بیرۆکە و پڕۆژانە چۆنیەتی پەیدا کردنی پارەیە**



# فیلمی (تۆپی پێ لە پەنای حیجابەوە) دەربڕین لە واقعێکی ئەستەم

فیلمی (تۆپی پێ لە پەنای حیجابەوە Cover- Football Under )یەکێك بوو لە فیلمە بەشداربووەکانی ئەم ساڵ لە فیستیڤاڵی بەرلینی سینەمایی (بەرلینالیە)، کە بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو چووە نێو لیستی فیلمە زۆر گرنگەکانی فیستیڤاڵەوە، ئەم فیلمە باس لە سەردانی یانەیەکی تۆپی پێی ئافرەتانی ئەڵمانی دەکات کە ئەندامەکانی لە ڕەگەزی جیاجیان، ئەم تیپە سەردانی ئێران دەکات بۆ ئەوەی لەگەڵ هەڵبژاردەی ئافرەتانی ئێرانی یاری بکات.

لەگەڵأ دەستپێکردنی یارییەکە بە شێوەی یاریگاکانی وڵاتانی ئەوروپا جەماوەر دەست دەکات بە هاندانی تیپەکانیان، بەڵام لەناکاو لە ریگا بڵند گۆیەك رادەگەیەنرێ ئەگەر هاتو هاواری جەماوەر نەوەستێت ئەوا یارییەکە رادەگیرێ بە بیانوی ئەوەی ئەمەیان دژی رەوشت و دابونەریتە و ئەم ئاگادار کردنەوەش بە هەند وەربگرن، چونکە ئێمە لە شاری تارانین. گەرم و گوڕی یاریی نێوان کچە یاریزانەکانی یانە ئەڵمانییەکە و کچی یاریزانانی ئێران زیاتر سەرنجڕاکێش دەبێت و حیجابی هەندێك لە ئامادەبووان تەنیا کارێکە وەك نەریت وایە و گومانی زۆری دروستکرد، لە هەمان کاتدا فیکە و هاتوهاواری جەماوەر زیاتر دەبێت، سەرەڕای دوور خستنەوەی هەموو پیاوەکان لە نێو یاریگادا ئەوا پاسەوانە ئافرەتەکان کامیرای چاودێرییان لە هەموو شوێنێك داناوە.

### لە ئێران هەموو شتێك دەکرێ

بە گوێرەی ڕووداوەکانی فیلمەکە سەرەڕای هەڕەشەکان یارییەکە بەردەوام دەبێت، ئایات نەجەفی دەرهێنەری فیلمەکە چەند مانگێك بەر لە نمایش کردنی فیلمەکە لە فیستیڤاڵی بەرلین رایگەیاند بوو : کە لە ئێران بە شێوەیەکی فەرمی هیچ شتێك ناکرێ، بەڵام لە واقیعدا هەموو شتێك ئەگەری کردنی هەیە.

فیلمەکە بەشێوەیەکی دیکیۆمنتی ئەم هەڵسەنگاندنە دەخاتە روو و سەرەڕای هەموو ئەو ئاستەنگانەی هاتنە سەر رێگای، دەرهێنەری فیلمەکە لە ماوەی ساڵێکی کار کردندا توانیی ئەم فیلمە بەرهەم بهێنێت، سەرەتا بیرۆکەی فیلمەکە و بیرۆکەی یاریی نێوان دوو تیپەکە لە لایەن بەرهەمهێنەرانی فیلمەکە دروست بوو ئینجا دەستیان بە جێبەجێکردنی پڕۆژەکە کرد.

### بیرۆکراتییەتی ئێرانی

فیلمەکە وا نیشان دەدات کە ساڵی ١٩٦٨ لە ئێران هەڵبژاردەیەکی تۆپی پێی ئافرەتان هەبوو و ژمارەی رێکخەران و ناوبژیوانانی تۆپی پێی ئافرەت لە ئێران زۆر بوون، بەڵام ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە ئەنجامی بیرۆکراتییەتی ئێرانی هاتوونە ئاراوە و رێگرن لەبەردەم سازکردنی ئەم جۆرە یاریانەن لە هەمان کاتدا باس لەو پاڵپشتییە کەم و دیاریکراوەی کە حکومەتی ئەڵمانی پێشکەشی دەکات بۆ بەردەوام بوونی ئەم وەرزشە، چونکە یاریزانی ئێرانی عەلی دائی ئەرکی دابین کردنی جلوبەرگی تیپە ئەڵمانییەکە لە ئەستۆ دەگرێ و هەر ئەو یاریزانەش ساڵانێك لە یانەکانی بایرن میونیخ و هێرتا بەرلینی ئەڵمانی یاریی کردووە، هێزی فیلمەکە لەوە دابوو کە لە چەند دیمەنێکیدا باس لە ژیانی تایبەتی کەسایەتییەکانی فیلمەکە دەکات.

### پیاوان تۆپی پێیان قورخ کردووە

خەبات کردن لە پێناو دان نان بە ئافرەتان لە جیهانی تۆپی پێدا کە پیاوان قورخیان کردووە بابەتێکی گرنگە لە ئێران و لە ئەڵمانیاش، سوسو و نیلۆفار کە ئەندامانی تیپە ئەڵمانیەکە دەڵێن: من خۆشحاڵ دەبین کاتێك باشتر لە پیاوەکان یاری بکەین، ئەم فیلمە دیکیۆمینتییە کە لە دەرهێنانی ئایا نەجەفی و داڤید ئەسمانە جیاوازی ژیانی کەسایەتییەکانی نەشاردۆتەوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش سوسو کە کچێکی بەرلینی موسڵمانە هەر کاتێك بیەوێ دەتوانێ لەگەڵ کوڕان یاری بکات و ناچاریش ناکرێ کە بە لەچکەوە یاری بکاتن بەڵام کاتێك سەردانی تاران دەکات ناچار دەبێت بە لەچکەوە یاری بکات، لە بەرامبەردا کچە ئێرانییەکانی وەك نیلۆفار و نارمیلا بۆیان نییە لەگەڵ کوڕان یان بە بێ لەچك پۆشین یاری بکەن، دوور لە هەموو ئەم تێبینانە و جیاوازی ژیانی نێوان ئەندامانی هەردوو تیپەکە یارییەکە رکابەرییەتییەکی بەهێزی تێدا بەدی دەکرێت و لە کۆتاییدا بە یەکسان بوونی هەردوو تیپ بە ئەنجامی ٢-٢ کۆتایی دێت.





# ره‌نج سه‌نگاوی:
# له‌ هه‌موو كاره‌كاندا ره‌خنه‌م له‌ خۆم هه‌یه‌

✿ دوای بڵاوبوونه‌وه‌ی كتێب (مه‌هێڵه‌ كاڵ ببێته‌وه‌) كه‌ چه‌ند شیعرێكی شاعیری لاو ره‌نج سه‌نگاوی توانی ببێته‌ پڕ فرۆشترین كتێب، ره‌نج سه‌نگاوی سیدییه‌كی شیعری بڵاوكرده‌وه‌ به‌ ناوی (ساندی بێل)، له‌ دیمانه‌یه‌كدا ره‌نج سه‌نگاوی بەم شێوه‌یه‌ وه‌ڵامی پرسیاره‌كانی گۆڤاری گوڵانی دایه‌وه‌.✿

دیمانه‌/ نەوزاد چارلس

* چ شـــاعیرێك كاریگه‌ری به‌سه‌ر تۆوه‌ هه‌بووه‌؟

- هه‌مـــوو شـــاعیرانی كۆن چ شـــاعیرانی كلاسیك بن یان ئه‌وانی تر و شاعیرانی روانگه‌ كاریگه‌رییـــان به‌ســـه‌ر منه‌وه‌ هه‌یه‌.

*شیعری گۆرانیشت نوسیوه‌ ئه‌مه‌ چۆن بوو؟

- راســـتییه‌كه‌ی نووســـینی شـــیعری گۆرانـــی زیاتـــر بۆ ئه‌وه‌ بوو كـــه‌ بتوانم له‌ هه‌موو جۆره‌كانی شیعردا باڵا ده‌ست بم، به‌ڵام نه‌م نووســـیوه‌ كه‌ به‌رده‌وام بیده‌م به‌ هونه‌رمه‌ندان.

* ئه‌و كتێبـــه‌ی به‌و دواییه‌ بڵاوتان كردووه‌ ره‌واجێكی زۆری هه‌بوو، ئایا نهێنی ئه‌و سه‌ركه‌وتنه‌ له‌ چیدا بووه‌؟

- هه‌ر كه‌سێك كاتێك شتێك به‌رهه‌م ده‌هێنێت یان شتێك بڵاوده‌كاته‌وه‌، هه‌رده‌م خه‌ڵك ده‌رخه‌ری ســـه‌ركه‌وتنی كاره‌كه‌یه‌، بۆ ئه‌م به‌رهه‌مه‌ی منیش خه‌ڵك دیاری خســـت كه‌ تا راده‌یه‌كی زۆر سه‌ركه‌وتوو بووم، بۆ مه‌سه‌له‌ی نهێنی ئه‌م پڕ فرۆشتنه‌ی به‌رهه‌مه‌كه‌ ده‌توانن پرسیار له‌ كه‌ســـی كڕیاری به‌رهه‌مه‌كه‌م بكه‌ن بۆ ئه‌وه‌ی نهێنییه‌كه‌ی دیار بكات .

* كێ یه‌كه‌م شیعری تۆی كرده‌ گۆرانی؟

- یه‌كه‌م شـــیعری من له‌ لایه‌ن هونه‌رمه‌ند ئه‌یوب عه‌لییه‌وه‌ كرا به‌ گۆرانی، شیعره‌كه‌ش به‌ ناوی (خه‌ڵوه‌ت) بوو كه‌ یه‌كه‌م شیعری مـــن بوو بكرێته‌ گۆرانی و یه‌كـــه‌م گۆرانی ئه‌یوب عه‌لی بوو بۆ ته‌له‌فزیۆن.

* شاعیرانی ئێستا و شاعیرانی كۆن چ جیاوازییه‌كیان هه‌یه‌؟

- مـــن ناتوانم بڵێم جیاوازییه‌كی زۆریان هه‌یه‌، به‌ڵام تا راده‌یه‌ك جیـــاوازی هه‌یه‌ له‌ هه‌مان كاتدا لێره‌ شـــتێكی تـــر هه‌یه‌ بزانن كه‌ هـــه‌ر یه‌كه‌ له‌ مانه‌ كوڕی ســـه‌رده‌می خۆیه‌تـــی و هه‌ر یه‌كه‌یان جۆره‌ بیركردنه‌وه‌یه‌كی تایبه‌تی خۆیان هه‌یه‌ بۆ ئه‌ده‌ب و بۆ هه‌موو شته‌كانی دیكه‌ كه‌ په‌یوه‌ندییان به‌ ئه‌ده‌به‌وه‌ هه‌یه‌.

* سه‌ره‌تای ده‌ستپێكردنی تۆ بۆ شیعر چۆن بووه‌؟

- سه‌ره‌تای ده‌ستپێكردنی من له‌ نامه‌ نووسینه‌وه‌ بووه‌ به‌تایبه‌تی نامـــه‌ی دڵداری تـــا ئیتر ورده‌ ورده‌ وای لێهات شـــاره‌زایی په‌یدا بكه‌م.

* تا چه‌ند سوودت له‌ سه‌ردانه‌كانی ده‌ره‌وه‌ی وڵات كردووه‌؟

- هه‌ر یه‌ك له‌ ســـه‌فه‌ره‌كانم بۆ ده‌ره‌وه‌ی وڵات كۆمه‌ڵێك شـــتی نوێی پێ به‌خشیم چ له‌ رووی بیر كردنه‌وه‌ یان له‌ رووی زمانه‌وانی له‌ هه‌موو رووه‌كانه‌وه‌.

* به‌ڕای به‌ڕێزتان شكســـت هێنانی شاعیر له‌ خۆشه‌ویستی تا چه‌ند كاریگه‌ری به‌سه‌رییه‌وه‌ ده‌بێت؟

- له‌وانه‌یه‌ كاریگه‌ری خراپی له‌سه‌ر كه‌سه‌كه‌وه‌ هه‌بێت له‌ رووی ده‌روونییه‌وه‌، به‌ڵام لـــه‌رووی كاره‌وه‌ وا ده‌كات كه‌ كۆمه‌ڵه‌ كارێكی جوان پێشكه‌ش بكات.

* ده‌ڵێن شاعیر تاوانباره‌ به‌رامبه‌ر به‌ ئافره‌ت، چونكه‌ له‌ خه‌یاڵدا بـــه‌رزی ده‌كاتـــه‌وه‌ كه‌چی له‌ واقیعدا وا نییه‌ تۆ قسه‌ت چییه‌ بۆ ئه‌م رایه‌؟

-من ناتوانم هیچ قســـه‌یه‌ك بكه‌م، به‌ڵام خۆم ئه‌و شـــاعیره‌م خۆشـــده‌وێت كه‌ راســـتگۆ بێت به‌رامبه‌ر به‌ ئافره‌ت.

* تـــۆ چه‌ند راســـتگۆی به‌رامبه‌ر ئافره‌ت؟

- ئه‌و شـــته‌ی من شانازی پێـــوه‌ ده‌كـــه‌م لـــه‌ كاره‌كانمدا راستگۆییه‌.

* بیرت لـــه‌وه‌ نه‌كردۆته‌وه‌ گۆرانی بڵێی؟

-نه‌خێـــر، چونكـــه‌ یه‌كێك له‌ خاســـیه‌ته‌ ســـه‌ره‌كییه‌كانی گۆرانی گوتن ده‌نگخۆشییه‌، بـــه‌ڵام ئه‌و خاســـیه‌ته‌ له‌ مندا نییه‌ .

* بابێینه‌ ســـه‌ر راگه‌یاندن تۆ له‌ بـــواری راگه‌یاندن تا چه‌ند كێشه‌ بوویت؟

- هه‌موو راگه‌یاندن كارێك تووشی كێشه‌ ده‌بێت، منیش دوور نیم له‌و راگه‌یاندن كارانه‌.

* یه‌كه‌م كێشه‌ كه‌ تووشت هات چۆن بوو؟

- به‌ریه‌ك كه‌وتن بوو له‌گه‌ڵ لایه‌نی په‌روه‌رده‌یی ئه‌ویش به‌هۆی لێك نه‌گه‌یشتنه‌وه‌ بوو.

* تـــا چه‌نـــد ره‌خنـــه‌ت لێگیـــراوه‌ لـــه‌ بـــواری ئه‌ده‌بی و رۆژنامه‌نووسی؟

- هه‌ندێك جار لێره‌و له‌وێ هه‌ڵســـه‌نگاندن بۆ شـــیعره‌كانی من ده‌كرێـــت، ئه‌وی تریـــش كه‌ له‌ رووی رۆژنامه‌نووســـییه‌وه‌ هه‌ندێ كه‌س به‌ پۆزه‌تیڤ له‌ســـه‌ر به‌رنامه‌كانم ده‌نووسن هه‌ندێك كه‌سیش به‌ نیگه‌تیڤ.

* به‌رنامـــه‌ی چاوی ســـێیه‌م كه‌ ئێوه‌ پێشكه‌شـــتان ده‌كرد بۆ راگیرا؟

- به‌رنامه‌ی چاوی سێیه‌م من ١٦ ئه‌ڵقه‌م لێ پێشكه‌ش كرد دواتر هه‌ندێ هۆكار هاتنه‌ پێش و بووه‌ هۆی راگرتنی.

* ئه‌و هۆكارانه‌كه‌سی بوون یان هۆكاری دیكه‌ بوون؟

- ده‌توانم بڵێم هۆكاره‌كان كه‌سی بوون .

* حـــه‌ز ده‌كـــه‌ی زیاتر وه‌كو شـــاعیر بناســـرێی یـــان وه‌كو رۆژنامه‌نووس؟

- هـــه‌ر كانیان بێت، به‌ڵام زیاتر رۆژنامه‌نووســـی، چونكه‌ هه‌ر به‌وه‌وه‌ ناسراوم.

* ره‌نج سه‌نگاوی تا چه‌ند عاشقه‌؟

- هه‌میشه‌.

*عاشقی چ شتێكی؟

- عاشقی ورده‌كارییه‌كانی ژیانم.

* ئافره‌ت چۆن پێناسه‌ ده‌كه‌ی؟

-ته‌واوكه‌ری پیاوه‌.

* چ ره‌خنه‌یه‌كت له‌ خۆت هه‌یه‌؟

- له‌ هه‌موو كاره‌كاندا ره‌خنه‌ له‌ خۆم ده‌گرم.



دەشنێ:

# هیچ کەسێک یارمەتیم نادات

سەرەتا دەشنێ گوتی: من ماوەی یەك ساڵ وشەش مانگە بۆ سەتەلایتی کوردستان کار دەکەم بێ ئەوەی کارمەندانی ئێرە بناسم، من حەز دەکەم لە نزیکەوە بیانناسم و تێکەڵ بم لەگەڵیان و شتیان لێ فێر بم بە هەمان شێوە ئەوانیش لە منەوە فێر بن، بۆیە داوام کرد کە بگەڕێمەوە کوردستان، لێرەش کارمەندان و بەڕێوەبەرایەتی سەتەلایتی کوردستان ئاسانکارییەکی زۆریان بۆ کردووم، ئامانجی لەم سەردانە ئەوە بوو کە بتوانم لێرە هەندێك کار بکەین، و بەڕێوەبەرایەتی سەتەلایت داوایان لێکردم چەند ئەڵقەیەك لە هەولێر و دهۆك و سلێمانی تۆمار بکەم، زۆریش حەزم دەکرد لە کەرکوکیش بەرنامەیەك تۆمار بکەین، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێ نەمانتوانی لە کەرکوك بیکەین، ئامانجی سەرەکیمان ئەوە بوو واقیعی کوردستان بە کوردەکانی ئەوروپا رابگەیەنین ئەمەش مایەی شانازییە بۆ من.

*** تۆ چ سوودێکت لە کارمەندانی ئێرە کرد؟**

- سوودێکی زۆرم لێیان کرد و هاوکارییەکی زۆریان کردین و هەوڵمانداوە دیمەنە جوانییەکانی کوردستان نیشان بدەین، چونکە زۆر جار رەخنەی ئەوەم لێدەکرێ کە ئەوروپا زۆر بە جوانی نیشان دەدەم و تەنیا ئیجابییەکانی ئەوێ نیشان دەدەم.

*** ئەوان چ سوودێکیان لە تۆ وەرگرت؟**

- ئەوان سوودی ئەوەیان لە من کرد کە من توانیم وەك بێژەرێك دیمەنە جوانەکانی ئێرە نیشان بدەم ئەمەش بۆ سەتەلایتی کوردستان زۆر گرنگە، چونکە ئەو پێشکەوتنانەی لێرە هاتوونەتە ئاراوە لە هەموو بوارەکاندا بۆ کوردەکانی ئەوروپا ئاشنا نین من هەموویان نیشانداوە بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە ئافرەتەوە هەیە.

*** لە هەولێر چ سەرنجی راکێشاوی؟**

- لەو ماوەیەی کە لە هەولێرم لە هیچ شتێك بێزار نیم و هەستم دەکەم هەر لە ئەوروپام و من شانازی بەو پێشکەوتنانەوە دەکەم، کاتێك لە ئەوروپا وەسفی جوانی شوێنێك دەکەم ناچێتە دڵمەوە، بەڵام لێرە کە وەسفی جوانی و خۆشی وڵات دەکەم ئەم وەسف کردنە لە دڵەوەیە، کاتێك لە فرۆکەخانە دابەزیم باوەڕم نەدەکرد کە دەبینم هەموویان بە کوردی قسە دەکەن و بەخێرهاتنم دەکەن .

*** تۆ لە تەمەنی ١٢ ساڵییەوە لە هۆڵەندا ژیان بەسەر دەبەیت ئایا خۆت بە منداڵێکی کورد یان منداڵێکی ئەوروپی دەزانی ؟**

- نازانم چۆن وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، ئەوانەی لە ئەوروپا دەژین دەوڵەمەندترن لە ئەوروپییەکان، بۆ نموونە من کە لەگەڵ دوو کلتووردا دەژیم ئەوانیش کلتووری کوردی و هۆڵەندین، من لەناو هۆڵەندییەکان تەواو وەك ئەوانم و قەت هەست ناکەم من کوردم، چونکە پێویستە رێزم بۆ گەلەکەم و کلتوورەکەی هەبێت و وا لە خۆم بکەم کە وەك ئەوان بم و کارە باشەکانیان لێوەربگرم، و فێرە زمانیان ببم، کاریان لەگەڵ بکەم، رەفتار و هەستان و دانیشتنم لەگەڵ ئەوان بێ و هیچ جیاوازییەکیش نەکەیت،، بەڵام پێویستە کلتووری خۆشت لە یاد نەکەیت، من یەکەم جار خۆم بە هۆڵەندییەك دەزانی تا ئەو کاتەی لە تەلفزیۆن کارم کرد، ئینجا هەستم بەوە کرد کە من کوردم و دەزانم کورد کێیە و خەڵکی کوردستانم و لە هەمان کاتدا هۆڵەندیشم و زۆریش شانازییان پێوە دەکەم.

هەموو کچێک جوانە ئەگەر بزانی چۆن جوانییەکەی دەربخات





فۆتۆ: کەمال ئاکرەیی

*** میدیای کوردی لە ناو ئاڵۆزییەکدا دەژیت، چونکە ئەماتۆرە چۆن دەتوانین میدیای کورد بەرەو میدیایەکی پرۆفیشناڵی بەرین؟**

- من زۆرم پێخۆشە لە میدیای کوردیدا هەوڵ دەدرێت بەرەو پێشەوەی بەرن،بەڵام هەندێکیان بەردەوام بە دوای هەڵەکاندا دەگەڕێن و هەر دەرفەتێکیان هەبێت تەنیا شتە هەڵەکان دەنووسن بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵك رابکێشن، بۆ نموونە وەرن سەیری بەرنامەی (بێ کۆنترۆڵ) بکە و باس لە لایەنە پۆزەتیڤەکانی بکە، لە هۆڵەندا ئەگەر باس لە شاکیرا بکرێت دەنووسن: ئێستا سەعات چوارە ئێمە لەگەڵ شاکیرا دانیشتووین، سەیری کەن شاکیرا وا ئاو دەخوات وا دەکات، وا دەکا، میدیا هۆڵەندی لا یەنە پۆزەتیڤەکانی شاکیرا باس دەکەن و رێزێکی تایبەتی لێدەگرن و وا دەکەن کە گۆرانی عەرەبیش لە رێگای شاکیراوە گرنگییەکی زیاتری پێ بدرێت، میدیای ئێمەش هەر لە خۆیانەوە کەسێك دەهێنن بێ ئەوەی بزانن چۆنە چۆن نییە دیهێنن و شتی بۆ دەنووسن، هەروەها پێویستە ئازادی زیاتر هەبێت لە میدیای کوردی.

*** چ جیاوازییەك هەیە لە نێوان میدیای کوردی و میدیای ئەوروپی؟**


- جیاوازییەکی زۆر هەیە، بۆ نموونە هەندێك لە گۆڤارەکان تایبەت بە جلوبەرگ و ئافرەتان و هەر جارێك باس لە ئافرەتێك دەکەن، لە هەمان کاتدا جنێو و قسەی ناشیرینیشی تێدەکەن، چونکە لەوێ عەیب نییە کەچی لێرە شێت بووم لەبەر عەیبە.

*** جوڵەکانت سەیرن لە بەرنامەی ( بێ کۆنترۆڵ ) کێ زیاتر سەرنجی راکێشاوی و لاسایی دەکەیتەوە؟**

- من جەز ناکەم ببم بە کەس، من لە قوتابخانەدا قوتابییەکی زۆر عەجول بووم و بۆ ماوەی دوو ساڵ دانس مۆدیل بووم و بەشداریم لە شانۆگەرییەکاندا دەکرد، هەروەها کاتێك قوتابییەکان لە قۆناغی سەرەتای دەهاتنە ناوەندی من دەچووم پێشکەشم دەکردن، و حەزم لێیە خەڵك گوێم لێبگرێ بۆیە لاسایی کەسم نەکردۆتەوە، بەڵام لە ئۆپراوە زۆر شت فێر بووم .

*** تۆ باست لە ئۆپرا کرد، بەڵام لە رووخسار و شێوەی دەرکەوتن تۆ زۆر لە تایرا بانکس دەچی، ئایا لاسایی ئەو ناکەیتەوە؟**

- ئەمەیان راستە و من تایرام زۆر خۆشدەوێت، بەڵام لاسایی ئەو ناکەمەوە، چونکە کاتێك من بێ کۆنترۆڵم پێشکەش کرد ئەو




هێشتا نەهاتبووە نێو بواری راگەیاندن و لە مۆدێلدا کاری دەکرد، تایراش یەکێکە لە راگەیاندن کارە سەرنجراکێشەکان و هەمیشە جموجوڵی زۆرە لە کاتی پێشکەشکردنی بەرنامەکەی، بەڵام من هیچ پەیوەندیم لەگەڵ کەسیان نییە.

*** لەناو پانتایی راگەیاندنی کوردی، سەرنجت چییە دەربارەی کچە میدیا کوردەکان؟**

- دەتوانم بڵێم زۆر داخراون، دەبێ زیاتر رووبان بکرێتەوە، من ناڵێم هەموویان وەک من بن، بەڵام پێویستە کچەکانی ئێمە لە کاراکتەری خۆیان تێبگەن، بۆ نموونە کاتێک دیمانەیەک ئەنجام دەدەن ناتوانن وەک پێویست سەرنجی بەرامبەر رابکێشن و بیان ورووژێنن، من هیچ گلەییان لێناکەم لەبەر ئەوەی دەزانم کۆمەڵگا و دابونەریت رێگایان پێ نادەن.

*** لە بەرنامەی بێ کۆنترۆڵ مۆدەی جلەکانت کێ دایدەنێ؟**

- هەمووی خۆم دەیکەم، چونکە حەز ناکەم کەس مامۆستای من بێت و پێم بڵێ ئەو کارە بکە یان ئەو قسەیە بکە، تەنانەت کاتێک دەرهێنەر داوای شتێکم لێبکات تەنیا یەک جار دەیڵێم و دووبارەی ناکەمەوە، وئەو قسەیە دەڵێم کە دڵم دەیەوێ، من مۆدێل بووم مۆدێلیش وەک ئەکتەر وایە و خۆم پرۆڤەم دەکرد و دەمزانی مکیاژ چۆن بکەم بۆ ئەوەی جوانی خۆم نیشان بدەم بە شێوەیەکی رێکوپێک، چونکە هەموو کچێک جوانە ئەگەر بزانی چۆن جوانییەکەی دەربخات .

*** ئەوانەی بەشداری دەکەن لە بەرنامەکەت پێشتر پێیان رادەگەیەنی؟**

- نەخێر هیچ کەسێک پێشتر ئاگادار ناکرێتەوە و هەموو هەر بە رێکەوتە.

***چەند کەس بەرنامەکە ئامادە دەکەن؟**

- بە ناوی خوا تەنیا سێ کەسین، من جل و شتەکان دەکڕم و ئامادەی دەکەم، پێشتر دامانناوە بچین بۆ چ شوێنێک ئینجا لەگەڵ کامێرامان دەچین کارەکانی خۆمان دەکەین دواتر شۆرش مۆنتاژی دەکات و سالاریش وێنەکانی ستۆدیۆ دەگرێت، بەرنامەکەش خەرجییەکی زۆر کەمی تێدەچێت، چونکە کاتێک سەردانی ولاتێک دەکەین ئەو خەڵکەی سەردانیان دەکەین بە هەموو شێوەیەک یارمەتیمان دەدەن .

*** سوودی ئەو بەرنامەیە بۆ تۆ چی بووە لە رووی ماددی و مەعنەوی؟**

- لە رووی ماددییەوە هیچ سوودم لێ وەرنەگرتووە، بەڵام لە رووی مەعنەوییەوە کاریگەری زۆری لەسەرم هەبوو، زۆر ماندووی کردووم، زۆر خەفەتم پێی کێشایەوە و زۆریش پیری کردووم و وزەم نەماوە.

*** بێ کۆنترۆڵ تاکەی بەردەوام دەبێت؟**

- بابەت قەت تەواو نابێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە بۆ ماوەی شەش مانگی دیکە هەر بەردەوام دەبێت؟

*** دواتر پرۆگرامت چییە؟**

- من زۆر شتم بە دەستەوەیە، زۆر حەز دەکەم یارمەتی گەنجی ئێرە بدەم و بچم لە پەرلەمانی کوردستان بڵێم پێویستە زیاتر یارمەتی گەنجان بدرێت، خۆشەویست ئازاد بێت، چونکە ئەو ماوەیەی لێرەم زۆر خەفەتم بۆ گەنجانی ولاتەکەم خواردووە و چەندین دیمەنی جەرگ بڕی خەڵکی کوردستانم بینیوە.

*** لە یەکەم ئەڵقەی بێ کۆنترۆڵ کوردییەکەت زۆر ناتەواو بوو، ئێستا باشتر بووە ئەمە چۆن بوو؟**

- ئێستا هەمیشە لەگەڵ کورددام بۆیە کوردییەکەم باشتر بووە و کەس یارمەتی نەداوم، تەنانەت لە کاتی پێشکەش کردنی بەرنامەش کەس یارمەتیم نادات و بێ ئەوەی یەک شت ئامادە بکەم یەکسەر دەچمە ناو بەرنامەکەوە.

*** تۆ زۆر بە حەماسی لە کاتی پێشکەش کردنی بەرنامەکەت، چ شتێک هەیە کە ئەو حەماس ئەو حەماسەی تۆ بکوژێت؟**

-کاتێک یەکێک پێم بڵێ جلی رێکوپێک لەبەر بکە، منیش پێی دەڵێم رێکوپێک یانی چی، ئێمە لەگەڵ یەکتری کار دەکەین و هەمیشە بەیەکەوەین، بەڵام بۆم نییە تۆ بشکێنم، رێکوپێک بەلای من ئەوەیە کە مرۆڤ رۆشنبیر بێ.

*** چ وشەیەکت لە لا خۆشەویستە و نە فرەت لە چ وشەیەک دەکەی؟**

- وشەی (زۆر)م لە لا خۆشەویستە و رقم لە وشەی (یەعنی)یە هەرچەندە خۆم زۆر بەکاری دەهێنم.

***ئەی گۆرانی و موزیک؟**

- زۆر حەزم لە گۆرانییە و گوێی لێدەگرم، بەتایبەتی گۆرانی عەرەبی، زۆریش حەز لە گۆرانی هێمن دەکەم .

*** کێ بە قارەمانی خۆت دەزانی؟**

- سەرۆک مسعود بارزانی بە قارەمانی خۆم دادەنێم، چونکە لەوەتەی هەیە هەر خزمەتی کورد دەکات، هەروەها دایک و باوکم و هونەرمەندە کچەکانی کوردیش وەک چۆپی و باخان و ئەوانی تر و شاعیر و گۆرانیبێژەکان واتە هەر کەسێک خزمەت بە کورد بکات من بە قارەمانی خۆمی دادەنێم .



*** ئێمە زۆر سوپاست دەکەین بۆ ئەو دەرفەتە؟**

منیش زۆر سوپاستان دەکەم، ئەمرۆ گوڵانم بینی بەراستی گۆڤارێکی زۆر پێشکەوتوو و جوان و خۆشە و بە راشکاوی دەڵێم ئێوە لە قۆناغی ئەماتۆری چوونەتە دەرەوە بەرەو قۆناغی پیشەگەری و شانازیتان پێوە دەکەم و هیوادارم رکابەرێتی بکەن لەگەڵ گۆڤارەکانی دیکە لەسەر ئەوەی کێ خزمەتی زیاتر بە ولات دەکات و لە هەمان کاتدا زۆر بە ئازادانە بنووسن.

●●●
بێ کۆنترۆڵ لە رووی مەعنەوییەوە کاریگەری زۆری لەسەرم هەبوو، زۆر ماندووی کردووم، زۆر خەفەتم پێی کێشایەوە و زۆریش پیری کردووم
●●●